# (ئەی ڕەقیب) ی دڵدار و (کوردستان)ی شێرکۆ بێکەس

• س. چ. هێرش



ماوەیەک لەوە پێش کە هەواڵی هاتنەگۆڕانی سرودی نەتەوەیی(ئەی ڕەقیب) م لە هێندێک لە ماڵپەرە کوردییەکاندا چاوپێکەوت، ئەوەی ڕاستی بێ زۆرم گرینگیی پێنەدا و، پێموابوو لە ڕادەی دەنگۆ و قسەڵۆکی سەرزاران تێناپەڕێ؛ کەچی ئەم ڕۆژانە لە چەند ماڵپەڕ و ڕۆژنامەی کوردیدا خوێندمەوە کە ئەو هەواڵە نە تەنیا ڕاستە، بەڵکە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یش ڕەزامەندی خۆی لە سەر گۆڕینی مارشەکە دەربڕیوە کە بە جێگەی وی هۆنراوەیەکی ڕێزدار «شێرکۆ بێکەس»، بە ناوی «کوردستان» ببێتە مارشی نیشتمانیی کوردستان. هەروەها بڕیار وایە تێکستی «کوردستان» کە کاک «زاهیر عەبدوڵڵا» ئاهەنگی بۆ داناوە، بە زوویی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانیشەوە پەسند بکرێ. هۆکاری گۆڕینی سرودەکەش گوایە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە «سرودی (ئەی رەقیب) گوزارشت لە ساتەوەختێکی مێژووی کورد دەکات کە ئێستا کورد ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە».
هەڵبەت، بەر لەوەی خودی تێکستەکە شیبکەمەوە، پێویستە ئەو ڕەخنەیە ئاراستەی بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەم کە بۆ کار و ئەرکێکی وەها گرینگ دەبوایە پێشەکی بە شێوەی فەرمی لە ڕێگەی ڕاگەیێنەرە گشتییەکانەوە، هەموو شاعیران و نووسەرانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستانیان ئاگادار کردباوە و، هەرورەها ماوەیەکی دیاریکراویان لەبەرچاوگرتبایە کە هەموو کەس توانیبای لەو ئەرکە گرینگە نەتەوەییەدا بەشداری کردبا و، پاشان دەقە ناردراوەکانیان لە کۆڕێکی شیاوی تەرخانکراو بۆ ئەم مەبەستە، بە گوێرەی قورعە و دەنگدان هەڵبژاردبایە. چونکە هەروەک دەزانین مەسەلەی گۆڕینی مارشی نیشتمانی و ئاڵا و نێوی وڵات
تەنیا کەسێک و دووکەس ناگرێتەوە، شتگەلی لەم چەشنە پێوەندی بە نەتەوەیەک هەیە کە چەند سەدەیە لە پێناو ڕزگاری و سەربەخۆییدا، شاخ و کێو و چیاکانی نیشتمانی بە خوێنی سووری گەنج و لاوانی خۆی ڕازاندووەتەوە.
ڕەنگە بەشێکی هەرە زۆر لە ئێمە، ڕووداوی دانانی نێوی «پێشمەرگە»ی لە سەردەمی کۆماری کوردستان(1946) بیستبێ یان خوێندبێتەوە کە چۆن ئەو نێوە و سەدان نێو و زاراوە و ئیدیۆمی سەربازی و جۆغرافیایی گرینگ لە کۆڕێکی دیاریکراودا باس و لێدوان و دەمەتەقێیان لەسەر کراوە، چ بگا بە گۆڕینی سرودێکی نیشتمانی کە ڕۆژگارێکە ئاوێتەی خوێن و ڕەگ و لەشی مرۆڤی کورد بووە؟!
باشە، لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزم بۆ شاعیری گەورەی کورد کاک شێرکۆ بێکەس، ئایا کام وشە و دێڕ و دەربڕینی ئەو دەقە، تۆزقاڵێک چێژی شێعری و نەبزی حیماسی و هونەری شاعیرانەی تێدایە؟! فەرموون لە پێشدا، خۆتان چەند جارێک خودی شێعرەکە بخوێننەوە و لە سەر قسەکانی من قەزاوەت بکەن:

تۆ دایکمانی، خۆشەویستی، سەربڵندی، کوردستان
دێرینیت و، پیرۆزیت و، سۆمای چاوی هەموومان.
لەباکوور بین، لەباشوور بین، لەڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا
ئامانج یەکەو، ئاڵا یەکەو، ئازادییش بیروبڕوا.
ئەتپارێزن، بەچواردەورا، وەک زنجیرەی شاخانت

شووره‌ی جه‌سته‌و، وره‌ی پۆڵای، میلۆنه‌های لاوانت.
مێژووی پ.م، چرای خوێنی شه‌هیدانی ئه‌م خاكه

تا هه‌تایه، له‌سه‌ر سه‌رمان، جریوه‌یان رووناكه.
یه‌كگرتووین و به‌رێگاوه‌ین، درشت و ورد، ژن و پیاو
بۆ دوارۆژی جوانتر له‌گوڵ، رووناكتریش له هه‌تاو.
دیاره مه‌به‌ستی سه‌ره‌كی من ئه‌وه نییه لێره‌دا بیسه‌لمێنم كه زه‌مان و ساته‌وه‌ختی مارشی نه‌ته‌وه‌یی (ئه‌ی ره‌قیب) به سه‌رچووه یان به سه‌رنه‌چووه. به‌ڵام به تێڕادیوی ده‌توانم بڵێم تێكستی (كوردستان) یش كه بڕیاره بكرێته مارشی نیشتمانیی، نه‌ته‌نیا تێخوێنه‌ره‌وه و ڕه‌نگده‌ره‌وه‌ی چێژی ڕوحی و ئۆخژنی نه‌ته‌وه‌یی و زه‌وقی كۆمه‌ڵایه‌تی و هه‌لومه‌رجی سیاسی 40 میلیۆن مرۆڤی كورد نییه، به‌ڵكه له باری شكڵ و كاكڵی شێعریشه‌وه ده‌قێكی تۆبزییانه و بێ پێز و لاوازه كه هه‌زار نێوی «شێركۆ بێكه‌س»ی له ژێره‌وه بێ، هیچ چه‌شنه پێوانه‌یه‌كی شێعری تێدا به‌دی ناكرێ و، ته‌نانه‌ت وه‌ك په‌خشانیش ده‌قێكی ئاسایی یه و زۆر ناچێته دڵه‌وه.
به گوێره‌ی ماڵپه‌ڕی **(ئاوێنه)**، مامۆستا شێركۆ بێكه‌س كه ئه‌و شێعره‌ی بۆ سروودێكی نیشتمانیی نووسیوه و زۆربه‌ی شته‌كانی كوردی تێدا كۆكردووه‌ته‌وه كه له سه‌ره‌تادا به كوردستان ده‌ست پێده‌كات و پاشان به لاوان و له دواییشدا به پێشمه‌رگه.. ئاوا ده‌ڵێ: «شێعر كه بۆ سرود ده‌نووسرێت ده‌بێت ماناكانی زوو بێنه‌ده‌ست و به كورتیش بنووسرێت و سروده‌كه‌شی نابێت له دوو ده‌قه تێپه‌ڕبكات جگه له‌وه‌ی كه ده‌بێت زوو له به‌ر بكرێت...».
لێره‌دا به گوێره‌ی توانا هه‌وڵ ده‌ده‌م، ئه‌م ده‌قه هه‌م له ئاستی نه‌ته‌وه‌یی و هه‌م له ئاستی شێعری و داڕشتنه‌وه بخه‌مه به‌رباس.
وه‌ك ده‌زانین پرۆسه‌ی خه‌باتی ڕزگاریخوازانه‌ی نه‌ته‌وه‌ی كورد، به گوێره‌ی بیروبۆچوونی گه‌لێك له زانایانی بیانی و خۆماڵیی له قۆناخی پرۆسه‌ی «نه‌ته‌وه ـ ده‌وڵه‌ت» دایه، واته ئه‌و نه‌ته‌وه‌یه له قۆناخی دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆی خۆیه‌تی. ئه‌و بیروبۆچوونه، سه‌ره‌ڕای ته‌واوی كه‌ند و كۆسپی سیاسی و دیپلۆماسی كه بۆ حیزبه سیاسیه كوردییه‌كان هاتۆته‌پێش و ئێستاش دێته‌پێش، كه‌م تا زۆر به‌تایبه‌ت له به‌رێوه‌به‌رایه‌تی و سه‌رۆكایه‌تی هه‌رێمی كوردستانی باشوور ڕه‌نگی داوه‌ته‌وه و، نكۆڵیشی لێ ناكرێ. هه‌ر به گوێره ماسمیدیای كوردی و له‌وانه ماڵپه‌ری **(ئاوێنه)** كه ده‌بیسرێ سرودی (ئه‌ی ره‌قیب)، چیتر گوزارشت له بارودۆخی ئێستای كورد ناكا، پرسیار ئه‌وه‌یه ئایا ئه‌م به‌شه‌ی كوردستان ڕزگار بووه و ته‌واوی شاره كوردنشینه‌كان گڕاونه‌ته‌وه باوه‌شی نیشتمان؟! گریمان، باشووری كوردستان له حاڵی تێپه‌ڕكردنی ئه‌و قۆناخه‌دایه، ئه‌دی بۆ به‌شه‌كانی دیكه‌ی كوردستان چی بكه‌ین؟ به‌داخه‌وه ئه‌و به‌شه نه‌ته‌نیا ڕزگار نه‌بووه، به‌ڵكه به گوێره‌ی ڕاپۆرتی «بیكێر ـ هامیلتۆن» كه هه‌مووان خوێندوویانه‌ته‌وه، گه‌لێك له ده‌سكه‌وته به‌نرخه‌كان كه به پێی ده‌ستووری عێراق ده‌بوایه دابین بكرێن(وه‌ك مادده‌ی 140) ده‌خرێنه ژێر پرسیاره‌وه. هه‌رچه‌ند هه‌ڵوێستی خورت و به‌ده‌ستوبردی سرۆكایه‌تی هه‌رێمی كوردستان له دژی ئه‌م ڕاپۆرته جێگه‌ی خۆشحاڵیی و بگره پشتیوانیشه، به‌ڵام سه‌یر لێره‌دایه كه هه‌ر به‌رپرسانی ئه‌م داموده‌زگایه دێن ده‌قێكی له‌رزۆك و بێ نێوه‌رۆك بۆ سرودی نیشتمانیی په‌سند ده‌كه‌ن كه هیچ چه‌شنه«گوزارشت»ێك له بارۆدۆخ و قۆناخی خه‌باتی سه‌ختی ئێستای نه‌ته‌وه‌ی كورد ناكا؟! كوا، كام وشه و دێڕ و ده‌ربڕین و وێنه‌ی شێعریی ئه‌م ده‌قه، گوزارشت له ڕزگاری و سه‌ربه‌خۆیی نه‌ته‌وه‌یی ده‌كا؟!
ئه‌وه كورته‌یه‌ك بوو له باری نێوه‌رۆكی نه‌ته‌وه‌ییه‌وه، ئێستا با بچینه سه‌ر پێوانه‌ی شێعریی و ئاستی داڕشتنه‌وه. وه‌ك ده‌زانین بیر و خه‌یاڵ و زمانی ده‌ربڕین كه له گرینگترین كۆڵه‌كه‌كانی هونه‌ری شێعر

دەژمێردرێن و مرۆڤ هەق بڵێ لە بەشێکی هەرەزۆری شێعری کاک شێرکۆدا دەبیندرێن، بەداخەوە لەو دەقە شێعرییەدا ئەمانە بەرچاوناکەون. هەروەها گریمان، ئەگەر ئەو دەقە بە شێعریش لە قەڵەم بدەین، لە باری کێش (وەزن)ەوە نە لە سەر کێشی خۆماڵی(پەنجەیی) گوتراوە و نە لەسەر کێشی عەرووزی|کلاسیکی (ئەفاعیل).

ڕاستە دەقی سرود دەبێ سادە و ساکار بێ، بەڵام ئەدی نابێ دەقەکە، مۆسیقا و هارمۆنییەکی تایبەت بە خۆی هەبێ؟! بۆ نموونە، ئەگەر دەقەکە لەسەر کێشی پەنجەیی دابڕ(تەقتیع)بکەین، ئەوا دێڕەکان لە نێوان 15 و 16 و 17 بڕگەییدا هاتوچۆ دەکەن و، لە زۆر شوێندا ریتم و ئاهەنگ تێکدەچن. بەکورتی ئەو شێعرە هەرچۆنێک بخوێندرێتەوە کێشەکەی لە سەر زاران خۆش نییە. بێ لەوەش لە چەند دێڕاندا هێنانی قافیە(سەروا)ش وەک: کوردستان|هەموومان، ڕۆژئاوا| بڕوا، شاخانت| لاوانت.. ڕۆڵی ئەو حاڵەتە حیماسییەی هەژان و هورووژان کە لە سروددا پێویستە ناگێڕن.

ئەگەر هەر کەس تۆزقاڵێک زەوقی شێعریی هەبێ و دێڕی یەکەمی دەقەکەی کاک شیرکۆ: (تۆ دایکمانی، خۆشەویستی، سەربڵندی، کوردستان| دێرینیت و، پیرۆزیت و، سۆمای چاوی هەموومان.) لەگەڵ ئەو دێڕەی «دڵدار»: (ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین| سەیری کە خوێناوییە ڕابردوومان) هەلسەنگێنێ، فەرق و جیاوازییەکەی لە باری حیماسی و مێژوویی و ماناوە وەک ڕۆژی ڕوون بۆ دەردەکەوێ.

لە شێعر خیتابیدا واتە لەم جۆرە شێعرانەدا کە کەسێک یان شتێک، خوشەویستێک یان دڵدارێک دەبێتە بەردەنگ و، شاعیر دەیەوێ ڕوودەڕوو بیاندوێنێ، دەبێ لە جوانترین شێوەی لواو بۆ دەربڕینی مانا و وێنەی شێعری بەتایبەت لە باری زمان و داڕشتنەوە کەڵک وەربگیرێ. بۆ نموونە، ئەگەر ئەو دێڕە جوانەی «مامۆستا گۆران»: (قژ کاڵی، لێوئاڵی، پڕشنگی نیگا کاڵ| ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنات نەختێ ئاڵ) لەگەڵ دێڕی یەکەمی دەقەکەی شێرکۆ بیکەس بەراورد بکەین دەبینین بەپێچەوانەی گۆران، ئەو لە نیوە دێڕی یەکەمدا (ی)یی دەکارهێناوە و لە نیوە دێڕی دووهەمدا (یت)، کە ئەوە لە باری ڕێزمانەوە هەڵەیە. بێجگەلەوەش، ئەو (واو) ی عەتف(لکاو)ەش، کە گوایە بە خاتری ڕاگرتنی لەنگەری کێشەکە هاتووە، بەجارێک دێڕەکەی سەقەت کردووە. هەروەها دەبوایە گوترابا: (.. سومای چاوی هەموومانی).

لە نیوەدێڕی دووهەمدا، کە هیوادارم هەڵەی چاپی بێ ـ دەستەواژەی: (ئازادییش بیروبڕوا)، ئاوێتەیەکی تەواو نەگونجاو و هەڵەیە. ئەگەر لە دوای ئازادییش وێرگول(قەفچە) دابندرێ و لە (بیروبڕوا) جیابکرێتەوە، دیسان مەبەستەکە هەر ناڕوونە.

هەر لەم دێڕەدا کە گوتراوە: (ئەتپارێزین، بەچواردەورا، وەک زنجیرەی شاخانت) دیسان هەڵەیەکی جۆغرافیایی دێتەڕوو، ئەویش ئەوەیە کە هەر چوار دەوری کوردستانی گەورە لە زنجیرە چیا پێکنەهاتوون، بەڵکە ئەگەر لە شاری رەواندز و ڕانیە ڕا بەرەو ڕۆژئاوا واتە بەرەو شارەکانی هەولێر و موسڵ و، هەروەها لە سلێمانی ڕا بەرەو باشوور و ڕۆژئاوا واتە شارەکانی خانەقین و کەرکووک (کە کێشەی سەرەکی کوردان لە گەڵ ڕۆژئاوا و عەرەبان هەر لە سەر ئەو شارەیە) بڕۆین، لە دەشتایی (هێتێ، شارەزوور، گەرمیان..) زیاتر، زنجیرە شاخێکی ئەوتۆ نابینین؛ کەوابوو چۆن کاک شێرکۆ ـ دەشزانم مەبەستی ئەوە نەبووە ـ دەبێ هەڵەی ئاوا بکا و هەروا ساکار بەسەریدا تێپەرێ و پانتایی جوغرافیایی نیشتمانەکەی لە ناو جەغزی چند زنجیرە شاخدا چکۆڵە بکاتەوە؟! ڕاستە شاری سلێمانی ئاوایە، بەڵام کوردستانی گەورە ئاوا هەڵنەکەوتووە.

لە دێڕی چوارەمدا، (پ.م) کە بە مانای پێشمەرگەیە لەگەل (ینک و پدک) کە کورتکراوەی دەستەواژەی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دێمۆکراتی کوردستان)ن، فەرقی هەیە، وشەی پێشمەرگە کە چیرۆکی دروستبوونەکەشی وەک لە سەرەوە گوتم دەگەڕێتەوە سەردەمی کوماری کوردستان، نێوێکی ئاوێتەیە و لە سێ بەشی «پێش+ مەرگ+ە» پێکهاتووە و بووەتە نێوێکی تایبەت و سەربەخۆ. ئیدی هەق

نییه مرۆڤ به کینایه و ڕەمز ئاماژەی پێبکا.
هەر له نیوه دێڕی چوارەمدا، هێنانی دوو وشەی (جریوەیان ڕووناکه) هەم له باری ڕێزمانەوه هەڵەیه و هەم له باری ماناوه. ئەگەر جریوه بگەڕێتەوه سەر (چرا) دەبوایه به شێوەی تاک هاتبایه نەک کۆ. هەروەها ئەگەر بڕیاره چرا جریوەی بێ که ده زاتی خۆیدا مانای ڕووناکی دەدا، هێنانی وشەی ڕووناکه زیادی یه. بێ لەوەش وشەی (جریوه) که بۆ دەنگی مەل و باڵندەش دەکاردەکرێ، حاڵەتێکه له نووری ئەستێره و، وابزانم له کوردەواریدا بۆ (چرا) دەست نادا.
له کۆتاییدا، هیوادارم کاک شێرکۆ بیکەس لێم دڵگیر نەبێ، که هەرگیز نەمویستووه گرانی و گەورەیی وی له ئاست شێعری هاوچەرخی کوردەواری که نوێنەری ڕاستەقینەیەتی بخمەژێرپرسیارەوه و، سووریشم که بۆ نووسینی ئەو دەقه ده کوردەناموسی کەوتووه و، ئەو دەقه هەڵقوڵاوی هەست و ناخی شاعیرانەی وی نەبووه.

ستۆکهۆلم، 2006-12-10

Gzing40@hotmail.com

• • •